# مێژوو کوردستانیبوونی کەرکوک دەسەڵمێنێ

**جۆن لۆک** دەڵێت : لەوشوێنەی یاسا نی یە ئازادیش نی یە . منیش دەڵێم : لەهەموو ڕۆژهەڵاتی ناویندا ئازادی نی یە چونکە یاسا و یەکسانی و مافی تاک و ڕاووبۆچوونی جیاواز بوونی نییە.

کەرکوک شارێکی کوردی و ناسنامەی کوردستانی یە لەساڵی (١٦٠٠ پ.ز ) لەلایەن گۆتییەکانەوە کە هۆزو تیرەی گەلی کوردن دروست کراوەو قەڵای کەرکوک بەهەمان شێوە لەسەردەستی گۆتییەکان لەهەمان کاتدا دروست کراوە. کەرکوک ناوێکی تری هەیەو هەر لەهەمان واتای نەوت و ئاگرو بڵێسەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش (باباگورگور) ەو ناوێکی کوردییە. هەندێ لەزانایان دەڵێن ناوی شاری کەرکوک لە (کورکوا)ەوە هاتووە بەزمانی میدیای کۆن واتای ئاگر دەبەخشێ، چونکە ئەم شارە سەرچاوەی گەورەترین و دەوڵەمەندترین ئابووری و باری ماکی (مادی) هەیە کە نەوتەو لەبازاڕی ئۆپک و لەجیهانی بازرگانیدا پێی دەڵێن ئاڵتونی ڕەش.

لەسەرچاوەیەکی ترەوە لەمێژووی سۆمەرییەکانەوە هاتووە دەڵێت : ناوی کەرکوک لە (کارکوک)ەوە هاتووە بەواتای کاری تەواو یان ئیشی ڕێک و پێک. کەواتە ئەمە جێی سەرنج و تێڕامانە بۆ ئەوانەی کەکەرکوک بەکوردستان نازانن و بەماڵی تورک و عارەبی دەزانن لەگەڵ ئەوەشدا کەهەرسێ ناوی (باباگورگور) و (کورکوا) و (کارکوک ) هەر کوردین و بەڵگەی کوردستانیبوونی کەرکوکن لەچەند هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە .

دەبێت ناوی نەجەف و کەربەلا یان سەماوە کوردی بێت و بڵێین ئەو شارە عارەبی یە یان بەپێچەوانەوە! یان کورد چی دەکات لەواست و کوت ئەگەر هێزو دەسەڵاتێک و بەرژەوەندی یەک نەیبردبێت، کەواتە لەڕاستیدا عارەب لەکەرکوک چی دەکات ئەگەر دەسەڵات و میری خۆی نەیهێنابن بۆکەرکوک؟ هەروەها بەوشێوەیەش تورکمان وەچەی وەچەکانی عوسمانلییەکانە (١٥١٤). عارەبەکانی کەرکوکیش کەهەندێک پێیان دەڵێن عارەبی ڕەسەن ئەوانیش خەڵکی باشووری عێراقن و بەئاشکرا هێنراون بۆ کەرکوک و جێگەی ئەو خێزانە کوردانەیان پێ پڕکردونەتەوە کە نزیکەی سەدەیەکە دەریان کردوون. (بۆئاگاداری و سەرنجی کاربەدەستانی کوردستان : تورکومان و عارەب لەپلان داناندان لەکەرکوکدا وەکو چۆن بەغداو ئەنقەرە گفتووگۆیان لێکردووە بەهەمان شێوە).

ناوو ناوبانگی بەرهەمی نەوتی ئەم شارە دەوڵەمەندە ئەوەیە کەدووهەم نەوتە لەجیهاندا بۆ پاکی و باشی و گرانی و هەروەها گەورەترین سامانی ئابووری نەتەوەیی گەلی کوردە . بەڵگەیەکی تری کوردستانیبوونی کەرکوک سەرژمێری دانیشتوانەکەیەتی. ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک بەکوردو عارەب و تورکومان و کلدو ئاشورەوە بۆ ساڵی ١٩٥٧ تەنیا ٢٧٩٠٠٠ کەس بووە، کە ١٧٨٠٠٠ی کورد بووە بەڵام سەرژمێری ساڵی ( ٢٠٠٣ ) دەکاتە (٧٥٦٠٠٠ ) کەس زیاتر لە (٤٠٠٠٠٠) ی کورد بووە ئەمە بێجگە لەو کوردە ئاوارانەی کە بێلانەو دەربەدەرن و هەتا ئێستاش (٥٠٠) خێزان لەو ئاوارانە نەگەڕاونەتەوە سەر زێدی باووباپیرانیان لەبەر بێ دەرامەتی و باری ناهەمواری ماکی لاوازو پشتگوێ خستنی دەسەڵاتی کوردی و جەنگی ساردی ( cold war ) نێوان یەکێتی و پارتیدا زەرەرمەندبوون .

**ژمارەی دانیشتووانی خەڵکی شاری کەرکوک لەساڵی ( ١٩٥٧ ) بەم جۆرەبووە:**

ئەلف/ کورد ١٧٨٠٠٠ کەس.
بێ/ عارەب ٤٨٠٠٠ کەس.
جیم/ تورکمان ٤٣٠٠٠ کەس.
دال/ ئاشووری و کلدانی ١٠٠٠٠ کەس.

لە ساڵی ١٩٥٧دا ژمارەی کرێکارو کاربەدەستانی کورد لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوکدا لەسەدا هەشتا ٨٠% بووە بەڵام سەرژمێری کردنی کرێکاری کورد لەساڵی (٢٠٠٣) دا لەسەدا بیست٢٠% بووە، ئەمە بەڵگەی ئەوپەڕی شۆڤێنیستی بەعس و دەوڵەتی عێراق دەردەخات کەچۆن ساڵ لەدوای ساڵ کوردیان نانبڕاوو دەربەدەر کردووە.

کارێکی تری ژێربەژێر هەیە لەبارەی کەرکوکەوە ئەویش پەیمان و ڕێککەوتنی نێوان تورکیا و عێراقە کەمن دڵنیام بەنهێنی ئەم کارە کراوە چونکە لەچەند ساڵی دوای سەربەخۆیی و دەوڵەمەندبوونی کوردستان دەترسن .

**گەڕەکەکانی شاری کەرکوک :**

١/گەرەکە کوردنشینەکان (ڕەحیمئاوا، ئازادی، مامۆستایان، شۆرجە، ئیسکان، بلاخ، قۆرییەشکاو، حەسیرەکە، تەپەی مەلا عەبدوڵڵا، دەروازەی باکووری کەرکوک، ئیمام قاسم، شۆراو، ئەحمەد ئاغا).

٢/ گەڕەکە تورکمان نشینەکان (مصلي، معلمین، ڕێگەی بەغدا، قەسابخانە، ئەڵماس) .

٣/ گەڕەکە عارەب نشینەکان (طریق بغداد، ١ی حزیران، وحدة، حریة، اشتراکیة، ممدودة، ٧نیسان، حي البعث، نصروالعروبة، قادسیة، غرناطة) .

٤/ گەڕەکە کلدوئاشووریەکان (شاترلو، عەرەفە، ئەڵماس) .

چونکە لە پێش ئەو بەروارەدا (١٩٢١ پاشایەتی) و لە دوای ئەو بەرواره (١٩٥٧) ەوە دەسەڵاتی عێراق بەهەموو جۆرەکانی یەوە هەرخەریکی هێنانی عارەب بوون لەباشوورەوە بۆ کەرکوک و ناوچەکانی کوردستان و بەتایبەت ناوچەی حەویجە کەئێستا لەسەدا هەشتا ٨٠% ی عارەبی سوننەیەو هەندێک تورکمانی تێدایە، بەڵام لەبنەڕەتدا قەزایەکی سەر بەشاری کەرکوکەو خاکی کوردستانە بەداخەوە ئێستا عارەبستانێکی تەواوە. ئامارو سەرژمێری دانیشتووانی قەزای حەویجە نزیکەی چوارسەدوپەنجاهەزار (٤٥٠٠٠٠) کەسە و دووری حەویجە لەشاری کەرکوکەوە ٣٠ میل دەبێت لەباشووری کەرکوکەوە ژۆربەی ژۆری خەڵکەکەی لەعارەبی هاوردەی سوننین و لەعەشرەتی (جبور ، شەمەر ، عوبێد)ن. شاری خانەقی عارەبی هاوردەی ژۆربوو بەڵام دوای ڕزگارکردنی لەدەسەڵاتی بەعسی بەغدا دووجار (١٩٩١ / ٢٠٠٣ ) ڕێژەی ژۆری عارەبەکان ڕێیشتن و گەڕانەوە بۆ باشووری عێراق کەلێوەی هاتبوون بەڵام عەرەبی هاوردە لە شەنگال و مەندەلی و هەندێ ناوچەی تر ماون و خۆیان و دەسەڵاتی ناوەند بەعێراقی دەزانن. خانەقیش دووەم شاری نەوتیی کوردستانەو پاڵاوگەی ئەڵوەن ئەڵوند ڕۆڵێکی ئابووری گەورەی ناوچەکەیەو ووزەی کارو بەرهەمی ڕۆژانەی ڕۆژی دوانزە هەزار ( ١٢٠٠٠) بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت. ئاوی ئەڵوەن کەبەناوەڕاستی خانەقیدا تێدەپەڕێت ئەوشارە دەکات بەدووبەشی زۆرجوان و ڕەنگین و چەندەها گۆرانی و بۆنە هەیە لەسەر ئاوی ئەڵوەن و بۆتە سومبوولی جوانی و ئاوەدانی شاری خانەقی.

خانەقی شارێکی دەوڵەمەندو جوانە بێ لەبەرهەمی نەوتیی ( Patrol) خاکێکی بەپیتی بەرفراوانی میوەجاتەو چواردەوری ئەم شارە بەباخ و بێستان ڕازاوەتەوەو بەناوبانگە بە خورما، هەنار، پرتەقاڵ،لالەنگی، قەیسی، هەڵوژەو هتد . خانەقی بەزمانی کوردی وشێوەزاری کەڵهوڕی و گۆرانی دەپەیڤن و زۆربەیشیان شێووەزاری سلێمانی دەزانن و خەڵکەکەی بەخەڵکێکی ڕۆشنبیر ناسراون. هۆزو تیرە کوردییەکانی کەلەوێدا دەژین زۆرن و ئەمەش ناوی هەندێکیانە: (باجەڵان، ئەرکەوازی، دەلو، جاف، تاڵەبانی، کاکەیی، هەمەوەند، سورەمێری.

باس لەمێژووی دوێنێ و ئەمڕۆی کەرکوک بکەین سەرتاپای ئەم شارە گۆڕاوەو بەعارەب کراوەو هەتا ئێستا کەساڵی٢٠٠٨ەو پێنج ساڵیشە کەرکوک لەدەست زوڵمی بەعسییەکان ڕزگاری بووە کەچی ٥٠٠ خێزانی کوردی ئاوارەی کەرکوک نەگەڕاونەتەوە بۆ کەرکوک کەئەمەش گوێ پێنەدان و بەتەنگەوە نەهاتنی دەسەڵاتی کوردی دەسەلمێنێ و بێجگە لە بەرژەوەندی تەسکی پارتایەتی و شەڕی ساردو کێبڕکێی خراپی پارتایەتی و کێشەی ناوخۆ کەبۆتە هۆی لەبیرکردن و پشتگوێ خستنی ئەم شارە گرنگە کە بڕبڕەی پشتی ئابووری و ماکی وڵاتی کوردستانە بەهەرچوار پارچەکەیەوە .

نەوتی عێراق کەئێستا بەروبوومەکەی بۆ دەسەڵاتی ناوەندەو نەوتی کەرکوک لەسەدا چلی ٤٠% ئەو بەرهەمەیە کە بۆ عێراقە، لەکۆی هەموو بەروبوومی ئابووری عێراق تەنها لەسەدا حەڤدەی ١٧%ی بۆ کوردستانە کە لەچاو ڕێژەی بەرزی ئابووری عێراق زۆرکەمەلەڕاستیشدا ئەو بەرهەمە ئابووری و ماکییە ناچێتە بەردەم پارلەمان و ڕاستەوخۆ یارمەتی میللەتی کوردی پێبدرێت بەڵکو لەسەدا پەنجاودووی بۆ پارتی و لەسەدا چل و هەشتی بۆ یەکێتییە و ئەوانیش یارمەتی پارتە بچووکەکانی هاوپەیمانانی خۆیان دەدەن . ڕاستە لەباری یاساییەوە دەبێت پارتە بچوکەکان یارمەتی بدرێن، بەڵام ئەو پارەیە وەکو دەم چەور کردنێک وایە، ئەوەتا لەدوای حەڤدە ساڵ و هەتا ئێستا بەو هەموو خراپەکاری و کەموکووڕی و پشتگوێ خستنەی خەڵک و نیشتمان، لەکۆی بیست پارتی بچووکی کوردستانیی تەنها پارتێک وورتە ناکات و ڕەخنە ناگرێت لەدەسەڵات کەبەڕاستی جێی داخ و نیگەرانی یەو هەتا ئێستاش بەرهەڵستکارێکی (opposition ) ڕاستەقینەو یاساییمان نییە لەپەرلەمانی کوردستاندا . (ڕەخنە لەدڵسۆزییەوە دێت کەمرۆڤ مشووری کارێک دەخوات بۆ جوانترو باشترکردنی ئەوکارە ئەگەر ڕەخنەکە دروستکەرنبێت نەک ناوو ناتۆرەو ووشەی بازاریی ناشرین .. کورد خۆی دەڵێت : دۆست ئەوەیە دەتگرێنێ .. هتد).

لەبەرواری ٢٠٠٣/٣/١٧ دا واتە ٢٢ ڕۆژ پێش ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس لەلایەن ئەمریکاوە، حەوت خێزانی کوردی ناو شاری کەرکوک وەدەرنراون و ئاوارە کراون، ئەمەش بەڵگەیە کەدەسەڵاتداری خوێناوی عێراق هەتا دوا هەناسەی خۆی دژایەتی میللەتی کوردو شاری کەرکوکی کردووە .

**م.حەمید عەزیز**

Hamid٧٧٣@hotmail.com

**ماویەتی**

# ڕۆڵی ڕێکخراوە سیاسیەکان لە کایەی ڕامیاری و دیاردەی فرەحزبی لە کوردستاندا

ئەمڕۆ ژمارەیەک حزب و ڕێکخراوی سیاسی لە باشووری کوردستاندا بوونیان هەیە، بارەگاو دەزگەی ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام کاتێک قسە لە دیاردەی فرەحزبی دەکرێ، ژمارەکە بێ وەڵام دەمێنێتەوە و ناتوانێ باوەڕ بە خەڵک بهێنێ کە بوونی ئەو هەموو ڕێکخراوە، دیاردەی فرەحزبی سەڵماندووەو ڕۆڵی ئەوانی لە کایەی سیاسیدا پێشانداوە.

ئەگەر لەسەردەمی شەڕی نێوەخۆدا زۆرێک لە ڕێکخراوە سیاسیەکان بەسەر دوو سەنگەری شەڕی نێوەخۆ دابەش ببوون و لەژێر ئەو پاساوەدا درێژەیان بە کاری خۆ ژیاندن و حزبایەتی دەدا، ئێستا قۆناغێکی دیکەیە، بۆیە دەبێ حزبەکان بوونی خۆیان لە بازنەی فرەحزبیدا تاقی بکەنەوە و ئەرک و ڕۆڵی خۆیان پێشانی جەماوەر بدەن.

زۆرێک لەو ڕێکخراوە سیاسیانە پێوەندی نزیکیان لەگەڵ یەکێک یان هەردوو زلهێزەکەی باشووری کوردستان هەیە، بێگومان هەبوونی پێوەندی کارێکی باشە، بەڵام پاشکۆیەتی و کردنەوەی دووکانی سەربەخۆ بۆ ئاڵۆزکردن و شێواندنی فرەحزبی کارێکی چەواشەکاری و نابەجێیە. زیانی گەورە بە دیاردەی فرەحزبی و سیستەمی دیموکراسی دەگەیەنێ. ئەگەر لەم سۆنگەیەوە پاساوی بوونی هەندێک لە ڕێکخراوەکان هەڵبدەینەوەو ڕاشکاوانە سەرنج لە سیاسەتیان بدەین، دەردەکەوێ کە ئامانج فرەحزبی و بەهێزکردنی کایەی ڕامیاری نیە، چونکە هەندێک لەو ڕێکخراوانە سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی خۆیان لەدەست داوە، یان هەر لەسەرەتاوە بە بودجەو کۆمەکی ماددی سەوداو مامەڵەیان پێکردوە، ئەمەش نەک هەر دیاردەی فرەحزبی بەهێز ناکات، بەڵکو ڕێگری لەبەردم ڕێکخراوەکانی دیکەش دادەنێ و هاوکێشەی سیاسیان لێ تێکدەدات.

زۆرێک لەو ڕێکخراوە سیاسیانە بودجە لە حزبە زلهێزەکان وەردەگرن، ئەگەر ڕەواش بێ، بەڵام دیاردەیەکی ڕاست نیە، چونکە دەگمەنن ئەو لایەنانەی بەبێ بەرانبەر هاوکاری لایەنی دیکە دەکەن. وەرگرتنی یارمەتی لە ڕێکخراوە داراکان کارێکی ئاسایی و ڕەوایە ئەگەر لەگەڵ سەربەخۆیی ڕێکخراوەکەی دیکەدا سەوداو مامەڵەی پێنەکرێ. لەم بەستێنەدا ئەرکی حکومەت لەدابین کردنی بودجە بۆ سەرجەم ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان بەدیار دەکەوێ، تا بەوهۆیەوە درێژە بەکارو چالاکی خۆیان بدەن. هەر حکومەتیشە دەتوانێ چاودێری بەسەر دارایی ڕێکخراوە سیاسیەکاندا بکات و لە دەستەڵات ئەگەر جیاوازیەکانی نێوان خۆی و لایەنە دەستەڵاتدارەکان نەبینێ، قەڵای سەربەخۆیی خۆی کلۆر دەکات، ناشتوانێ بەویستی خۆیەوە ڕەفتار بکات و هەڵوێست بنوێنێ و ڕامانی تایبەت بە خۆی پێشان بدات.

سەرکردەو کادرو ئەندامانی ڕێکخراوەکانی دەرەوەی دەستەڵات دەبێ جیاوازییان لەگەڵ سەرکردەو کادرو ئەندامانی لایەنە دەستەڵاتدارەکاندا هەبێ و پەسندیشی بکەن، لەوانەیە جیاوازیەکان هەموو بوارەکانی بژێویی بگرێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر سەرکردەی لایەنێکی دەرەوەی دەستەڵات، یان ئەندامانی سەرکردایەتی ڕێکخراوە بچووکەکان بیانەوێ لاسایی سەکردەی لایەنە دەستەڵاتدارەکان بکەنەوە، وەکو ئەوان بژین و هێندەی ئەوان سامانیان هەبێ، دەبێ بوێرانە بڕیار لە هەڵوەشانەوەی ڕێکخراوەکەیان بدەن، چونکە لەوکاتەدا نەبوونیان زیاتر لەبەرژەوەندی کۆمەڵگەو کایەی ڕامیاری و دیاردەی فرەحزبی دایە نەک بوونیان! هەر ڕێکخراوێکی سیاسی دەرەوەی دەستەڵات ئەگەر بیەوێ لاسایی دەستەڵاتداران بکاتەوە، ڕەوایەتی بوونی خۆی دەپوکێنێتەوە. نکۆڵی لەوە ناکرێ کە ڕێکخراوی سیاسی، بچووک یا گەورە بۆ خۆی کاتی هەڵوەشانەوەدا سەرمایەی ئەو ڕێکخراوانە بۆ خۆی گل بداتەوە.

دیاردەی فرەحزبی لە جیهانی هاوچەرخدا کۆمەڵگەو وڵاتانی بەرەو پێشەوە بردووە، سیستەمی دیموکراسیقایم و پشت ئەستوور کردووە، ئازادیەکانی تاک و ڕێکخراوو کۆمەڵگەی مسۆگەرکردووە، بەڵام مخابن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا خەریکە پێچەوانە دەشکێتەوە، حکومەت لە دابین کردنی بودجەی ڕێکخراوەکان خۆی بە بەرپرسیار نازانێ، حزبە داراکانیش مەرجی پێشوەخت بۆ بڕینەوەی بودجە دادەنێن کە بە سڕینەوەی سەربەخۆیی تەواو دەبێ. چونکە ڕێکخراوی سیاسی ئەوتۆ قوت بوونەتەوەو قوت دەکرێتەوە کە تەنیا مەرجی ڕێکخراوی سیاسیان تێدانیە. ئەو ڕەوشە وەک کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم پرۆسەی دیموکراسی و دیاردەی فرەحزبیدا یاریان پێدەکرێ، لەو پەنایەوە کۆت و زنجیر لە ملی ئازادی و سەربەخۆیی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی دیکە دەکرێ.

ڕێکخراوی سیاسی لانی کەم دەبێ پاساوی بوون ودرێژەدان بە تێکۆشانی خۆی پێشانی جەماوەر بدات، لەبەراییشدا پێداگری لەسەر سەروەری ڕێکخراوەیی خۆی و بڕیاری سیاسی خۆی دا بکات. هەر ڕێکخراوێکی سیاسی دەرەوەی سەرپشکە لە هەڵبژاردنی سیاسەتی خۆی، بەڵام سەرپشک نیە لە پێشێلکردنی بنەماکانی دیموکراسی و لەکەدارکردنی دیاردەی فرەحزبی. دیاردەی فرەحزبی تا ئەو شوێنە ڕەوایە کە ڕێکخراوە سیاسیەکان خاوەن بڕیارو سەروەری خۆیان بن، بەڵام ئەگەر ڕێکخراوی سیاسی ئەوانەی بە کەس و لایەنی دیکە سپارد، نەک سەربەخۆیی خۆی دەدۆڕێنێ، بەڵکو ناڕاستەوخۆش کار بۆ زەوتکردنی سەربەخۆیی مرۆڤەکان و کۆمەڵگە دەکات.

ئەمڕۆ زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی بەگومانەوە لە بوون و مەوجودیەتی هەندێ ڕێکخراو دەڕوانن، کاتێک دەبینن سەکردەی ڕێخکراوەکە بێپەروا سازش لەسەر سەربەخۆیی ڕێکخراوەکەی خۆی دەکات، بۆ دەڕبڕینی بۆچوون و هەڵوێستەکانی دەستوور لە دەرەوەی ڕێکخراوەکەی وەردەگرێ، بەوهۆیەشەوە واتایێک بۆ بوونی ڕێکخراوی سیاسی ناهێڵێتەوە.

حزبی بچووک وەک زاراوەیەکی ناڕاست لە باشووری کوردستان بەو ڕێکخراوە سیاسیانە دەگوترێ کە بارەگایان کەمەو سەرچاوەی دارایین نیەو سەرمایەیان کەمە، بەڵام ڕاستیەکەی هەموو ئەوانەی خۆیان بە ڕێکخراوی سیاسی دەزانن دەبێ ئەو زاراوەیە پەسند نەکەن، بچووکی لە کەمی بارەگاو نەبوونی سەرچاوەی دارایی و کەم سەرمایەیی نیە، بچووکی لە بێ ئیرادەیی و سازش لە سەر سەربەخۆیی ڕیکخراوەییدا خۆی دەبینێتەوە، بۆیە هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە چەندە کەمدەرامەت و بێ بارەگاشن ئەگەر خاوەن ڕامان و هەڵوێست و ستراتیژی خۆیان بن، هەر ڕێکخراوی سیاسین و بچووک نین، بەڵام هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە بڕیاری سیاسی خۆیان بە دیتران دەسپێرن و فەرمان لە دیتران وەردەگرن، ئەگەر دەیان بارەگاو سەرچاوەی دارایی و سامانیشیان هەبێ، هەر لەخانەی بچووکیدا پۆلێن دەکرێن و لە پێناسەی حزب و ڕێکخراوی سیاسی دەترازێن و ناکام دەمێننەوە.

ڕێکخراوی سیاسی دەستەڵاتدار بێ یان ئۆپۆزیسیۆن دەبێ لە هاوکێشەی ڕامیاریدا جێگەی خۆی بکاتەوە، کاریگەری لەسەر گۆڕانکاری و پێشهاتەکان دابنێ. لەم ڕوانگەیەوە هەر ڕێکخراوێکی سیاسی ئەگەر لە کایەکانی ڕامیاریدا بێ جێگەبوو، پێناسەکەی خۆی بزر دەکات، گۆڕ بۆخۆی هەڵدەکەنێ زیانیش بە پرۆسەی سیاسی کۆمەڵگە دەگەیەنێ.

**ڕێکار ئەحمەد**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com